## مۆبایل و تەبلێت دەبێت چۆن شەحن بکرێنەوە!



## هێدستی راستی و مەجازی پێویستی بە مۆبایل نییە



(هێدســـت) hidest ی ئەو ئامێرەیـــە تەمەنی بۆ دوو ســـاڵ نابێێـــت، ئامێرێك كە ســـینەما و چێژوەرگرتـــن لە فیلمی ســـینەمایی بۆ تاكەكەس دروســـت دەكات، بەكارهێنەر كاتێـــك دەیكاتـــە چاوی وا هەســـت پێ دەكات لە ســـینەمایەكی گەورە دانیشتووە و شاشەیەكی ٣٠ مەتری دەبینـــێ.. هێدســـتەكان زیاتـــر لە مۆبایل یا تەبلێت سوود وەردەگرن.. بەڵام هێدستی AuraVisor جیاوازە و پێویســـتی نە بە كۆمپیوتەرە نە بە مۆبایل، هەموو شتێكی لەناخی خۆیدایـــە.. پرۆسیســـەرێكی چوار ناوەكـــی بە خێرایـــی ١,٨ گێگاهێرتزی لەناودایـــە، داتاگـــەی ناوخـــۆی ١٦ گێگابایتە و زیاتریش دەكرێت. شاشەكەی ٥ ئینجە لە جۆری OLED. سیســـتەمی ئەندرۆیـــدی هەیە دەتوانـــی ڤیدیۆ ٣٦٠ پلەكانی یوتیوب وەك راســـتی ببینی. دیارە شوێنی كێبڵی HDMIشی هەیە و دەتوانێ بـــە مۆنیتۆری گەورەی كۆمپیوتـــەر، ئیكـــس بۆكس، پلەی ستەیشنی ٤ی پەیوەند بدەی..



## بە مۆبایل جگەرە داگیرسێنە!

ئەگـــەر رۆژێك بێت بڵێن بە مۆبایل دەكرێت جگەرە داگیرســـینی و ســـەری شوشەی بیبسی بكەیەوە، یان زۆر كاری دیكەش سەرت سوڕنەمێنێ، تەكنەلۆژیە و پێـــش دەكەوێت.. كۆمپانیای ZVE كە چالاكییەكانی لە بواری كەڤەری مۆبایل و پـــاوەر بانكدا چڕ كردۆتەوە، لەم ماوەیەدا كەڤەرێكی بۆ ئایفۆن ٦ دروســـت كردووە كە چەندین ئـــەرك ئەنجام دەدات، وەك دژە تەزووی كارەبایـــە، دەتوانی بەهۆیەوە جگەرە دابگیرسێنی، سەری شوشە بكەیەوە، مۆبایلەكەت وەك كامێرای پیشەیی دابنێی، بیكەی بە كامێرای گەڕۆك و تاد...



یەکێك لە گرفتەکانی مۆبایل و تەبلێت لەم سەردەمەدا وزەیە کــە لە ڕێگای باترییەوە ئەنجام دەدرێت، زۆر لەبەکارهێنەران ٤ ســاڵ دەبێت یەك مۆبایلیان پێیە و گلەیی ئەوە دەکەن کە ئێستا وەك جاران شەحن نابێتەوە، نازانن کە باتری تەمەنێکی دیاریکراوی هەیە، دوای ئەو تەمەنەی وەك جاران نامێنێ و ئیدی ڕۆژێك دێت بە تەواوی دەمرێت، چۆن سەردەمی خۆی باتری لایت یان ڕادیۆ کۆتایی دەهات، هی ئەوانیش ئاوایە. لێرەدا چەند خاڵێك پێشــنیار دەکەین بۆ چۆنییەتی شــەحن کردنەوە و ڕاگرتنی باتری لاپتۆپ و مۆبایل.

یەکەم: هەمیشــە هەوڵ بدە باتری مۆبایــل یان تەبلێت لە کەشــوهەوایەکی لەباردا ڕابگری، چۆن خۆراك بە کەش و هەوای گەرم تێکدەچێ و بە کەشــوهەوای ســارد باشتر دەمێنێتەوە، باتریش هەروایە..


دووەم: زۆر کــەس وا بیردەکاتەوە کە دەبێت باتری حەتمەن ١٠٠٪ شــەحن بێتەوە، بەڵام ئەوە هەڵەیە، لە ســەرووی ٥٠٪ بێت بەسە، بەڵام ئەوەی لێیگەڕێی هەتا پڕ پڕ دەبێتەوە ئەمە هەڵەیە و نابێت ئیزن بدەی لە ٢٠٪کەمتری تێدابێت.

ســێیەم: مۆبایل یان تەبلێت نابێت لە شــەو هەتا بەیانی لە شــەحن دابێت، چونکە کە بەتەواوی پڕ بوویەوە، تووشی گرفــت دەبێت. هەرچەندە هەندێــك مۆبایل هەن کە ئەگەر پڕبوونەوە خۆیان شەحنەکە ڕادەگرن.

چوارەم: هەوڵبدەن لە شەحنکەرەوەی تایبەت بەخۆی سوود وەربگرن، هەرچەندە زۆر شــەحنکەرەوە بۆیەکتر دەگونجێن، بەڵام هەمیشــە هەوڵبــدەن لە هی کۆمپانیــای تایبەت بە مۆبایل یان تەبلێتەکە سوود وەربگرن.

پێنجەم: ئەوەی کە دەڵێن لەکاتی شــەحن بوونەوەدا نابێت کار بە مۆبایل یان تەبلێت بکرێت ئەمە بۆچوونێکی هەڵەیە، نەخێر دەتوانی لە شەحنیشــدا بێت ســەیری فیلمێکیش بە مۆبایل بکەی، هەروەك لاپتۆپ لە شەحنیشــدایە کاریشی پێدەکرێت.







## گڵاسی هۆشمەند دەتوانی گەرمی قاوە وەک خۆی بێڵێتەوە

لە ژووری کارەکەت یا لە ماڵەوەت دانیشتووی، قاوە یان چاییان بۆ هێناوی بەڵام لەبەر کارێك یان قســەکردن و خۆ خافڵاندنێك ئــاگات لێ نەماوە و دەبینی ســارد بۆتەوە.. تەکنەلۆژیای دیجیتالی ســەردەم بیــری لــەوەش کردتەوە، لــەم دواییەدا کۆمپانیای Ember گڵاســێکی بەرهەم هێناوە کە دەتوانــێ بــۆ ماوەیەکی زۆر گەرمــی قاوە یان چایەکە وەك خۆی بهێڵتەوە.. نەك هەر ئەوە بەڵکو دەکرێت بەهۆی پرۆگرامێك کە لەسەر مۆبایلەکەتە گەرمایــی خواردنەوەکــە ڕێك بخەی و لەســەر ژمارەیەکی تایبەتی دابنێــی کە خواردەمەنییەکە لەوە زیاتر نە گەرم بێت نە ســارد بێت و بۆ ماوەی دوو کاتژمێر وەك خۆی بمێنتەوە.






# لاپتۆپ یان دیسکتۆپێکی بەهێز

یەکێك لە جیاوازییەکانی نێوان کۆمپیوتەری سەرمێز واتە دیسکتۆپ لەگەڵ لاپتۆپ ئەوەیە کە ئەو سەختە ئامراز و پارچانەی لە لاپتۆپدا بەکار دێن بچووکن و کاراییان وەك کۆمپیوتەری سەرمێز نییە، بەڵام ماوەی دوو ساڵ دەبێت کە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی لاپتۆپ هەوڵیان داوە لاپتۆپ پێش دیسکتۆپ بکەوێت، کۆمپانیای Eurocom لاپتۆپی جۆری SKy X٩ی بەرهەم هێناوە، کە کۆمپیوتەری دیسکتۆپ بەهێزترە، چونکە مەزەلبۆردەکەی لە جۆری Z١٧٠یە. چوار ناوەکییە، شەپۆلی خێرایی ٤ گیگاهێرتزە. رامەکەی ٦٤ گیگابایتە. کارتی گرافیکی ٨ گیگابایتە. شاشەکەی ١٧,٤ ئینجە بە کوالیتی full HD و هەروەها ٤K هاردی داکردنی داتاکانی ٥ ترابایتە، خەزنکردنی خەیاڵی! کیبۆردەکەی دوگمەکانی بە ٧ رەنگ دەگۆڕدرێن. بۆ لاپتۆپێکی وا باترییەکی زۆر بەهێزیش هەیە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت ئایا دەکرێت لە پرۆگرامی WORD دا بەبێ ئەوەی دوگمەی ئەنتەر دابگرم و بەردەوامی دووپاتی بکەمەوە بچمە سەر لاپەڕەیەکی دیکە، چونکە لەکاتی نەخشەڕێژیدا نووسینەکە تێکدەچێ بۆ ئەم مەبەستە چ بکەم؟**

خوێنەری بەڕێز: راستە زۆر کەس لەکاتی نووسیندا بۆ ئەوەی کە لە لاپەڕەیەك بچێتە سەر لاپەڕەیەکی دیکە دوگمەی ئەنتەر دادەگرێ، کە لەکاتی گۆڕینی فۆنت یان هەر دەستکارییەکی دیکە لاپەڕەکەی تێکدەچێت، بۆ ئەم مەبەستە ئاسانترین رێگا ئەوەیە هەردوو دوگمەی enter و ctrL دابگری. یان لە بەشی insert دا فەرمانی page break دابگرە..




# نەوەی نوێی کاتژمێری وەرزشی

کاتژمێرە سمارتەکان لە پەرەسەندندان، بەشێك لە توانایی کاتژمێرە سمارتەکان هاندانەی بەکارهێنەرەکەیانە بۆ وەرزش و لەشێکی رێکی دوور لە کێشی زیاد.. بەڵام هەندێکیان هەر تایبەت بە وەرزش و وەرزشکارانن، وەك کاتژمێرەکانی forerunner.. ئەم کاتژمێرانە دەتوانن زانیاری پەیوەندیدار بە رێژەی چالاکی وەرزشی و ئامادەبوونی وەرزشکار لە بارەی جەستەییەوە بەتایبەتی ئەوانەی وەرزشی ماراسۆن دەکەن لەخۆیدا خەزن بکات. کاتژمێرەکانی forerunner مۆدێلەکانی ٢٣٠, ٢٣٥, ٦٣٠ هەموویان سیستەمی GPS یان تێدایە، بەهۆیەوە دەتوانرێت رێژەی مەودای رۆیشتووی بەکارهێنەرەکەی بپێوێ و رێژەی هەنگاوەکان، کالۆری سووتێندراو، جگەلەوەش ئەو ماوەیەی کە بەکارهێنەرەکەی خەوتووە بزانێت و دەتوانن تا مەودای ٥٠ مەتر لە قوڵایی ئاودا کێشەیان بۆ نەیەتە پێش لە هەمووی گرنگتر پێوانی لێدانی دڵی تێدایە نەك هەر ئەوە بەڵکو سیستەمی ANT + ی تێدایە کە بەهۆیەوە دەزانرێت، رێژەی ئوکسیژینی هەرکەسێك دیاری بکات.



# ڕۆبۆتێکی منداڵانەی هەستیار بە ڕەنگەکان



سـەردەمی دیجیتالی ئەوەنـدە بە خێرایی هاتەپێش کـە منداڵانیش جیهانی خۆیاندا تێدا لـێ ون بوو، ئیدی چالاکی جەسـتەیی منداڵان کەم بۆوە و تەبلێت و لاپتوپ و پلەی ستەیشـن و..تاد شوێنی یاری ناوچەییە و لەمێژینییەکانـی گرتەوە.. جیهانی بینی منداڵان بەتەواوی گۆڕا!! کاریگەری ئەو شـەپۆلە ئەرێنی بێت یان نەرینی ئەوە پسـپۆرانن دەبێ وەڵام بدەنەوە.. لەم ماوەیەدا ڕۆبۆتیش کە پێشـووتر هەر بۆ گـەورەکان بوو کەوتە ناو جیهانی منداڵانەوە، ozbat یەکێکە لـەو ڕۆبۆتانە تایبەتە بەمنداڵان و هەستیارە بە ڕەنگەکان.. کەسـێکی شارەزا لە بواری تەکنەلۆژیای نوێدا بەناوی (نادر حەمدا) هەسـتی بـەوە دەکرد کە دوو کچەکەی زیاتر بـە تەبلێت و مۆبایل گەمەی دەکەن بۆیە بیرۆکەی ڕۆبۆتێکی هاتە مێشـکەوە کە لەو جیهانە گۆشەگیریەیان دووربخاتەوە.. (ئۆزبات) ڕۆبۆتێکی بچووکـە بەقەد تۆپێك هەروەك لە وێنەکەدا دیارە، هەر ڕەنگێك ببینێ جۆرە جوڵەیەکی لە ئاستیدا دەکات، بۆ نموونە لە ئاسـت ڕەنگی سووردا سەما دەکات، بۆ ڕەنگی ڕەش دەوسـتێ، ڕەنگی سپی بەسـەریدا پاز دەدا...تاد بەکارهێنەر دەتوانی جوڵەکان بۆ ڕۆبۆتەکە دیاری بکات. بەسەر هەموو ڕەنگێکیشـدا دەڕوات، فەرشی ماڵەوە بێت یان دەفتەری وێنەکێشانی منداڵان، یان ڕەنگی سەر تەبلێت و مۆبایل..




## سایتێک بۆ ئەوانەی حەز لە شەترەنج دەکەن

یاری شـەترەنج، لە نێوان گەیـم و وەرزشـدایە واتە لە ریـزی یارییە وەزشـییەکان سـەیر دەکرێت، دەیان گەیمی ئەلکترۆنـی و ئامێـری شەترەنجی ئەلکترۆنی هەن و سایتێکی زۆریش لەو بارەیەوە کراوەتەوە، سایتی http://www. chess.com یەکێکە لەو سایتە گرنگانەی کە ڕاسـتەوخۆ پەیوەندی بە یاری شەترەنجەوە هەیە و ئەوەی حەزی لێدەکات دەتوانێ سەر لەم سایتە بدات و لەگەڵ ئەو کەسـانەی کە بۆ ئەم مەبەسـتە سـەردانی سایتەکە دەکەن یاری شەترەنج بکات..

## پرۆگرامێک بۆ ڕێکخستنی درایڤەکان




درایڤـەکان ئەوەی کە بە زمانی بـازاڕی پێی دەگرێت (تەعریف)ەکان، لە کۆمپیوتەردا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن، لە ڕاستیدا بێ ناسینی درایڤەکان ناکرێت سوود لە ئامێرەکانی دیکە وەربگری، بۆ نموونـە هەتا کۆمپیوتەرێك پرینتەرێك نەناسی و بۆی تەعریف نەکرێت ناتوانی هیچ کارێك بکەی و لاپەڕەیەکیـش پرێنت بکەی.. پرۆ گـرام گەلێکی زۆر هەن کە ئەرکیان ڕێکخسـتنی درایڤەرەکانە، یەکێك لەوانە Auslogics driver updater ە، کە بە ئاسـانی ڕێکخسـتنی درایڤەرەکانـە و ئـەو هەلە بۆ بەکارهێنەران دەڕەخسـێنێ تـا توانای دابەزانـدن و دانانی درایڤەرەکان بە ئاسـانی ئەنجام بدات. نوێکردنەوەی درایڤەرەکان، ناسـینی درایڤەرە چالاکـەکان یا دانەبەزێنـدراوەکان و چەندین تایبەتمەندی دیکە لەو پرۆگرامە بچووکەدا کۆکراونەتەوە.